Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.08.19 21:50:33 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# پیاو

حەمەسەعید حەسەن

ژن ژنی خۆیەتی
ڕۆژانە دەیداتە بەر شەق و
شەوانیش دەخزێتە ئامێزی،
کەرەسەی ماڵ ئاسا ئەویشی کڕیوە.
وەک پێڵاو سەرنجی ژنی خۆی دەدات و
دەبێتە پێڵاوی ژنانی خۆفرۆش.
هەندێ جار گۆرەویی خۆی دەشوا،
زەڵاتە چێ دەکا،
کە تەواو مەست دەبێ
دۆ و دۆشاو تێکەڵاو دەکات و
گوڵدان و ئینجانە توورِ دەدا و
بڵێسە لە چاوی دەبارێ.
بەدگومان لە چرپەی منداڵ و
جریوەی چۆلەکە و بۆنی گوڵ،
متمانەی بە برای خۆی نییە،
بە هەڵەی منداڵیش هەڵدەچێ،
هەمیشە بیری لای تۆڵەیە،
کە دەستی لە پارە و دەسەڵات گیر دەبێ
ئافرەتیش وەک پێڵاو دەگۆڕێ.

* لەژێر کاریگەرێتیی شیعرێکی ‹سۆنیا ئۆکەسۆن›دا نووسراوە.